## هونەرمەندی گەورەی میسری مەحمود قابیل:

# خۆشەویستی ژیانم لە میللەتی کورد بەدی کرد

**بـــەر لە چەند رۆژێك هونەرمەندی ناوداری میســـری مەحمود قابیـــل وەك باڵیۆزی نیازپاکی رێکخراوی یۆنیســـێف سەردانی شـــاری هەولێری کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئاوارە سوریەکانی کەمپی دۆمیز بێت، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**•سەرەتا با بە کارەکانی رەمەزانەوە دەست پێبکەین، ئایا هیچ کارێکت هەبوو لە مانگی رەمەزان؟**

-بەڵـــێ درامایەکـــم هەبوو کە لە چیرۆکی فەیســـەڵ نەدا و دەرهێنانی عادل لەحســـە و بەرهەمهێنانی (صوت القاهرة) بوو، دوای ئەوەی نزیکەی شەش کاتژمێرمان وێنەگرت دواتر شۆڕش دەستی پێکرد بۆیە راگیرا.

*** حەز دەکەین بزانین هۆکاری ئەم ســـەردانەت بۆ کوردستان چی بوو بە حوکمی ئەوەی باڵیۆزی یونســـێفی بۆ نیاز پاکی، چونکە سەردانەکەت لە چوارچێوەیەکی هونەری نییە؟**

-مـــن باڵیـــۆزی نیازپاکی هەرێمی رێکخراوی یونســـێفم بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەو پێیەش هەرگرفت و قەیرانێکی مرۆڤایەتی لەو ناوچەیەدا پێوەندی بە ئێمەوە هەیە، مەبەستی ســـەردانم بۆ کوردســـتان ئەوە بوو سەردانی کەمپی پەنابەرانی ســـوری لـــە دۆمیز بکەم و لە نزیکـــەوە ئاگاداری بارودۆخی منداڵان بم کە لەوێن بەتایبەتی لە بواری پاکوخاوێنی و بوونـــی ئاوی پاکی خواردنەوە و داو و دەرمان و پاراســـتنی گیانـــی ئەو منداڵان، دوای ئەوەی ســـەردانی کەمپەکەم کرد، بەداخەوە بارودۆخیان باش نەبوو و من تەحەفوزی زۆرم لەسەری هەبوو، بەڵام بەر لەوەی باس لەو تەحەفوزانە بکەم، بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی بێ پایانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم بکەم، چونکە سەرەڕای سەختییەکان هەموو ئاسانکاریەکیان دابین کردووە بۆ هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و من ئەمەم لە نزیکەوە بینی و هەستم پێی کرد دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی کەمپەکە، هەروەها خەڵکی ناوچەکەش بە هەموو شـــێوەیەك یارمەتییـــان دەدەن، بۆ نموونە هـــەر کاتێك ئـــاوی خواردنەوە کەم ببێت رێگا بـــە ئاوارەکان و رێکخراوەکان دەدەن بۆ دابینکردنی ئاو و هەموو پێداویستییەکانیان ئەمەش کارێکی ئاســـان نییە، چونکە فشارێکی زۆر دروست دەکات لەســـەر خەڵکەکە بەتایبەتی لەرووی ئابورییەوە، سەرەڕای زۆری ژمـــارەی ئاوارەکان ئەوان رێگایان بـــە گەنجەکان دەدەن لە کەمپەکـــە بچنە دەرەوە و کار بکەن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان و بە ئاســـانیش بگەڕێنەوە بۆ ناو کەمپەکە، بەداخەوە لە تورکیا کە وڵاتێکی هاوســـنووری هەرێم و سوریایە بە پێناسی تایبەت نەبێت رێگا بەچوونە دەرەوەی پەنابەران نادات.

*** تەحەفوزاتەکانت چی بوون دەربارەی کەمپەکە؟**


-کەمپەکە بۆ ٢٥ هەزار کەس دروست کراوە، بەڵام دەبینین ئێستا نزیکە ١٦٠ هەزار کەســـی تێدایە واتە شـــەش ئەوەندەی تواناکەی خـــۆی خەڵکی تێدا نیشـــتەجێیە ئەمـــەش بارگرانییەکی زۆری دروست کردووە و زۆر ئاساییە کە ئاو و خۆراك بەشیان نەکات؟

***وەك یونسیف چیتان کردووە؟**

- دوای ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخیانمان بینی داوامان لە وڵاتە کۆمەك بەخشـــەکان کردووە بۆ دابین کردنـــی ئاو و داو ودەرمانی زیاتر بۆ ئەم کەمپە تەنانەت ناتوانی بیانپارێزی، لەمەش گرنگترە پرۆســـەی خوێندن و پەروەردەیە بۆ منداڵـــەکان، چونکە نەوەیەکی تەواو خوێندنیان لە دەســـت دەچێت و بێ خوێندن دەمێننەوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارەســـاتێکی گەورەیە و بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتەش پێویســـتمان بە قوتابخانە هەیە بـــۆ کەمپەکە بە هەموو پێداویســـتییەکانییەوە، یونســـیف کوتانی بۆ زیاتر لـــە دە هەزار کەس دابین کردووە دژی ســـۆرێژە و نەخۆشـــییەکانی دیکە و بۆ هەمـــوو تەمەنەکان، من لە رێگای ئێوەوە بانگەوازێك ئاڕاســـتەی هەموو مرۆڤایەتی دەکەم کە بزانـــن مرۆڤایەتی هەزاران منداڵ و کەسوکاریان ئیهان دەکرێت.

*** چیتـــان دیت کـــە زۆر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەســـەر ئێوە؟**

- ئێمـــە لەژێر خێمـــە لەگەڵ خانەوادەیەك دانیشـــتین کە پلەی گەرمـــای لە ســـەرووی ٦٠ پلە بـــوو، پیاوەکە نەشـــتەرگەری



گورچیلکی ئەنجامدابوو و توانـــای کار کردنی نەبوو و ئافرەتێك ئەرکی بەخێوکردنی ٧ منداڵی لە ئەستۆ گرتبوو سەرەڕای ئەوەش بۆ شێوان میوانداری کردین ئەمەش گەورترین نموونەی مەردایەتی بوو.

***بەدەر لە کاری خێرخوازیت وەك مرۆڤێك چی بە وڵاتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکان دەڵێی؟**

- داوایان لێدەکەم کە هاوشێوەی ئەم ئافرەت مەرد و دەستکراوە بن و سەرمایەی خۆیان لە شوێنی راست بەکاربهێنن و لەجیاتی کڕینی چەك با گیانـــی منداڵەکان بکڕنەوە، چونکـــە ئەمانە دوارۆژن، هەروەهـــا داوا لە حکومەتی بەغـــدا دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بە نموونە لەو بوارە.

*** لە یەکەم سەردانت کوردستانت چۆن بینی؟**

- زۆر لە برادەرانم کە زانییان ســـەردانی هەولێر دەکەم پێیان گوتم چۆن ســـەردانی ئەو شوێنە دەکەی، بەڵام هەندێك هونەرمەند پێیان گوتم ئاساییە برۆ هەولێر لەوانەش عەلی بەدرخان کە کوردە، بەڵام لێرەوە دەمەوێ بڵێم کە دایکم کـــوردە، عەلی دڵنیای کردمەوە کە بارودۆخی هەولێر زۆر زۆر ئاســـاییە و زۆریش باسی کوردستانی بۆ کردم و گوتی هـــەر بچیت بۆ هەولێر ئەو وڵاتە و خەڵکەکەیت خۆشدەوێ و بە دوورگەی ئاشتی وەسف کرد.

*** قسەکانی عەلی بەدرخان راست دەرچوون؟**

- بەڵـــێ زۆر زیاتریشـــم دیت لەوەی کە ئەو بـــۆی باس کردم، لە یەکەم ســـاتی کە گەیشـــتم هەســـتم کرد مامەڵەی خەڵك زۆر خۆشـــە لەگەڵ میوانەکانیان و بە رێز و خۆشەویستییەوە پێشوازیت لێدەکەن، هەرچەندە منیشـــیان نەدەناســـی، بـــەڵام رێزیان دەگرتم، هەروەها کوردستان کەشوهەوایەکی خۆش و فێنکی هەیە و هەستم کرد خەڵکەکەی ژیانیان خۆشـــدەوێ لە باوەش گرتنی ئاوارەکانی ســـوریاش بەرزترین نموونەیە کە ئەم میللەتە ژیانی خۆشـــدەوێ، چونکە خۆشەویســـتی کەســـانی دیکە واتە خۆشەویســـتی ژیان ئەمەش سیفەتێکی لە میللەتی کورد بەدیم کرد.

*** ئـــەو کەشـــوهەوایە هاندەر نین بـــۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری؟**

-بەڵێ لەگەڵ عەلی بەدرخانیش قسەم کردووە، چونکە پێشتر ئەو پرۆژەیەکی هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی ســـینەماییی دەربارەی ژیانی مســـتەفا بارزانی کە سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بوو لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

*** سیاسەت و هونەر تێکەڵ بوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- بەڵێ ئێستا سیاسەت تێکەڵ بە هەموو شتێك بووە بەتایبەتی لە میســـر، لە سوریا هونەرمەندان بوونەتە دووبەشەوە هەندێکیان دژی دەســـەڵات و هەندێکیشیان پشتگیری لێدەکەن، سوپاس بۆ خوا لە میســـر زۆبەی هونەرمەندان لەگەڵ شۆڕش بوون منیش شەرەفی ئەوەم هەبوو لە گۆڕپانی تەحریر بم، بەشێکی کەمیان بێدەنگ بوون، بەڵام دژی شـــۆڕش نەبوون، بەر لە شۆڕشی ٣٠ یۆنیۆ کۆمەڵە کەســـێك بوویـــن پێکهاتبووین لە من و دەرهێنەر خالد یوســـف و بەرهەمهێنەر محەمـــەد عەدلی و ئەدیب بەها تاهیر وەزارەتی رۆشنبیریمان داگیر کرد و دەرگاکانمان داخست و وەزیریش نەیتوانی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت و ئەمە سەرەتای شۆڕشـــی ٣٠ یۆنیۆ بوو بۆیە دەڵێم هونەر و سیاســـەت تێکەڵ بوون.

*** ئایـــا لە نێـــوان ٢٥ی یەنایر و٣٠ یۆنیۆ هونەر لە میســـر وەستا بوو؟**

-نەخێر نەوەســـتا بـــوو، بەڵام هێواش بۆوە و ئاســـتەنگی بۆ دروست دەکرا بۆ نموونە دراماکەی من راگیرا، لە شوێنێك کچە ئەکتەرێك رفێندرا و بەردیان تێگرتن، بەڵام ئێســـتا هونەرمەندان زۆر خۆشـــحاڵن و بەشداریان لە شۆڕشـــی ٣٠ یۆنیۆ کرد زۆر لەوانـــەی لە شۆڕشـــی ٢٥ی یەنایەردا نەکردبـــوو و هاندەری سەرەکی شۆڕشەکە بوون.



# ئەو شتانەی نانسی ناتوانێت دەستبەرداریان بێت

نانسی عەجرەم هەمیشە سەرنجی جەماوەر و بینەران بۆ خۆی رادەکێشێت، بەتایبەتی ئافرەتەکان کە هەمیش دەربارەی هۆکاری بەردەوام دەرکەوتنی بە جوانی دەپرسن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هاوشێوە نانسی دەرکەون.

نانسی لەم بارەیەوە چەند نهێنییەکی ئاشکرا کرد و گوتی: من بەشێوەیەکی رۆژانە و بەردەوام دەموچاوم پاك دەکەمەوە و کرێمی تایبەتی و دەمامکی پاراستنی دەموچاو لە تیشکی رۆژ بەکاردەهێنم، جگە لەمانەش رۆژانە وەرزشی خۆم ئەنجام دەدەم تەنانەت لەو کاتانەی کە لە گەشتیشدا بم گرنگی بە وەرزش دەدەم، نانسی روونیکردەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری مۆدیلەکانی جلوبەرگ دەکات و گرنگی بە نوێ بوونەوە دەکات و بە عەشقەوە دەچێتە لەندەن بۆ بازاڕ کردن و کڕینی جلوبەرگ بەتایبەتی جلوبەرگی کراسی درێژ، بەڵام خاڵی لاوازی بریتییە لە زۆر کڕینی جانتا، چونکە نزیکەی ٣-٤ کانتۆر جانتای هەیە لە ماڵەوە .

بەڵام ئەوەی زۆر سەیر بوو بەلای جەماوەرەوە ئەوە بوو کە نانسی پێڕەوی هیچ ریژێمێکی خواردن ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت کە گۆشتی سوور و مریشك ناخوات، چونکە ئەو رووەکییە و تەنیا ماسی دەخوات کە ئەمانەش سوودێکی زۆریان هەیە بۆ تەندروستیی مرۆڤ و زۆریش پێویستن مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام بیانخوات و لێیان دوور نەکەوێتەوە، نانسی نهێنییەکی سەیری بۆ جەماوەر درکاند ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە ئاو و ئامێری شەحن کردنی مۆبایل لە نزیك خۆی دادەنێت لە کاتی نووستن و منداڵی زۆر زۆر خۆشدەوێت و هەست بە لاوازییەکی زۆر دەکات بەرامبەر بە بەساڵاچووان.

# لۆهان داوای دوو ملیۆن دەکات

بەرامبەر بە دەرکەوتنی لە هەشت ئەڵقەی بەرنامەیەکی دیکیومنتاری واقعی لەگەڵ راگەیاندنی ناوداری جیهانی ئۆپیرا وینفری، کچە ئەکتەری سینەمایی لیندسی لۆهان بڕی دوو ملیۆن دۆلار وەردەگرێت.

ماڵپەڕی (TMZ)لەم بارەیەوە ئاشکرای کە دوای ٤ مانگ لە گفتوگۆی نێوان لۆهان و کەناڵی(A) گەیشتنە رێکەوتنێك و سەرەتا گرنگییەکی زۆر بە هەوڵەکانی لۆهان دەدرێت بۆ دووبارە شیاندنەوە و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ دوای دەرچوونی لە بنکەی دووبارە شیاندنەوەی ئەو کەسانەی پێویستیان بەو چارەسەر هەیە، چونکە یەکێك لە وێستگە گرنگ و ناخۆشەکانی ژیانی لۆهان بریتییە لە هێشتنەوەی لە بنکەکانی دووبارە شیاندنەوە و چارەسەر کردن لە مادده هۆشبەرەکان و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە خێراییەکی زۆر و درۆ کردن لەگەڵ پۆلیس،و بە مانەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە بنکەی دووبارە شیاندنەوە سزا درا.

جگە لەو دوو ملیۆنەی کە وەریدەگرێت دوو یاریدەدەر و دیزاینەرێکی جلوبەرگ دیاری دەکرێن بۆ خزمەت کردنی لۆهان.

شایەنی وتنە هەرچەندە سەرەتا لۆهان زۆر بەهێز لە بواری نواندان دەرکەوت، بەڵام دواتر لە نواندن دوورکەوتەوە لە ئەنجامی بوونی گرفتی یاسایی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.



# جۆنی دیب زەوییەک دەبەخشێتە هیندییە سوورەکان

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی جۆنی دیب کە بە مەردی بەناوبانگە، زەوییەکی بەرفراوانی لە ئەمریکای باکوور کڕی بە بڕی ٤ ملیۆن دۆلار و وەك دیارییەك پێشکەشی هۆزی (سۆ)ی هیندییە سوورەکانی کرد، چونکە پێشتر ئەو هۆزە لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون. ماڵپەڕی (ئەکتۆ ستار)ی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان رایگەیاند: ئەم زەوییە بە ( ووندید نی ) ناسراوە و دوایین جەنگی نێوان ئەمریکییەکان و هۆزی (سۆ ) لەو ناوچەیە



روویدا و لەدوای ئەم جەنگە هۆزەکە بێ زەوی ماونەتەوە، لەبەر جوانی و دیمەنە دڵڕفێنەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر جۆن دروستکرد و هەر لەو ناوچەیە دواین دیمەنەکانی فیلمی (زە لۆن رینجر) تۆمار کرا و تێیدا دیب رۆڵی پیاوێکی هیندی دەبینی. دوای تەواو بوونی فیلمەکە جۆن بڕیاری دا زەوییەکە بکڕێت کە نرخەکەی نزیکەی ٤ ملیۆن دۆلارە، بەم بۆنەیەشەوە رایگەیاند: ئەم ناوچەیە بۆ هۆزی (سۆ ) زۆر گرنگە، من تەنیا لە توانامدا هەیە ئەم زەویە بکڕم و پێشکەشیان بکەمەوە، بەڵام نازانم بۆچی تا ئێستا حکومەت ئەمەی نەکردووە؟. شایەنی وتنە جۆنی دیب بە مەردایەتی ناسراوە، چونکە هەموو موڵکەکانی خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی هاوسەرەکەی دوای جیابوونەوەیان، هەروەها چەندین جار زەوی بە ملیۆنان دۆلار بۆ خەڵك کڕیوە بێ ئەوەی بیانناسێت.

# حەلیمە: زانست و رۆشنبیری بۆ بێژەری ئافرەت پێویستە



حەلیمە بوڵەند یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئافرەتە راگەیاندنکارە عەرەبەکان، کە تا ئێستا لە چەندین کەناڵی جیاجیای عەرەبی کاری کردووە و لە هەریەکیان بەرنامەی پێشکەش کردبێت توانایی ئەوەی پێوە دیار بووە و یەکێك بوو لە بەرنامە پڕ جەماوەرییەکان.

حەلیمە دەربارەی نیشانەکانی کچە راگەیاندنکاری سەرکەوتوو دەڵێ: کچە راگەیاندنکاری سەرکەوتوو پێویستە چەند سیفەتێکی هەبێت لەوانەش پێویستە خاوەن زانست و رۆشنبیرییەکی زۆر بێت، هەروەها پێویستە خێرا و خاوەن زمانێکی پاراو بێت کە بتوانێت کار لە بینەر بکات و بزانێت چۆن خۆی لەگەڵ بینەر و بارودۆخە جیاجیاکاندا بگونجێنێت بێ ئەوەی شپرزە بێت، جگە لەمانە پێویستە خاوەن کارێزمایەکی کاریگەر بێت کە بە درێژایی کاتی پەخش کردن، بە پێچەوانەوە بینەر ئامادەی بینینی بەرنامەکەی نابێت.

سەبارەت بەبوونی جیاوازی لە نێوان بێژەر و راگەیاندنکاریش دەڵێ: بێژەر ئەو کەسەیە کە بەرنامەیەك پێشکەش دەکات بە پشت بەستن بە ئامادەکار و دەرهێنەر بێ ئەوەی بتوانێت رایەکی دەربڕێت یان دەست بخاتە نێو چوارچێوەی بەرنامەکەوە، بێژەر ئەو تەنیا ئەوەی پێی دەسپێردرێت پێشکەشی دەکات، بەڵام ئەوەش نابێتە مایەی ئەوەی کە گرنگی نەدات بە لایەنی چۆنییەتی ئەدا کردن و پێشکەش کردنی بە جوانترین شێوە، کەچی کچە راگەیاندنکارەکان سەرپەرشتی گشت کاروبارەکانی نێوە بەرنامەکەی دەکات بۆ ئەوەی بەنامەکەی سەرکەوتوو بێت.





# سایە لەتیف ئەو کچە کوردەی پلەی سێیەمی لە ئۆڵۆمپیاتی تورکیا بەدەستهێنا

لە ساڵی ٢٠١١ کچە کوردێک بەناوی سایە لەتیف بۆ یەکەم جار بەشداری لە نۆیەمین ئۆلۆمپیاتی نێودەوڵەتی تورکی بۆ گۆرانی کرد و لەبەر توانا و لێهاتوویی توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و سێیەم لەسەر ئاستی جیهان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایەن میدیاکانی کوردستانەوە گرنگی ئەوتۆی پێ نەدرا تەنانەت تا ئێستاش میدیای کوردی زانیاری ورد و تەواویان نییە دەربارەی چۆنییەتی بەشداری کردنی ئەم کیژۆڵەیە و ئەو سەرکەوتنەی لەو ئۆلۆمپیاتە بە دەستی هێنا و میدیاکان تا رادەیەکی زۆر پێی نامۆن، سایە ئێستا قوتابییە لە پۆلی دوازدەی بنەڕەتی.

سایە دوای تەواو بوونی قوتابخانە و دەرچوونی ئەنجامەکان سەرەڕای ئەوەی کە کاتێکی زۆری بۆ گۆرانی وتن و مەشق کردن تەرخان کردووە، کەچی لە یەکەمەکانی قوتابخانەکەی بوو، سەبارەت بە بەشداری کردنی لە ئۆلۆمپیاتی نێودەوڵەتی تورکیا بۆ گۆرانی سایە دەڵێ: سەرەتا مامۆستاکانمان لە هەولێر بەرنامەیەکیان ڕێکخست بۆ قوتابییە دەنگخۆشەکان لەو بەرنامەیەدا چەند قوتابییەك دەرچوون کە من یەکێك بووم لەوان، دواتر لەسەر ئاستی عێراق لە هەر قوتابخانەیەك دوو کەس هەڵدەبژێردران، لە تورکیا فیناڵی سەر ئاستی عێراقمان ئەنجامدا تێیدا من پلەی یەکەمم بەدەستهێنا ئینجا ساڵی ٢٠١١ بەشداریمان کرد لە ئۆلۆمپیاتی تورکیا بۆ گۆرانی بە بەشداری ١٣٥ وڵات و ١٥٠٠ قوتابی دەنگخۆش، منیش بە ناوی عێراقەوە بەشدار بووم، لە تورکیا ماوەی یەك مانگ ماینەوە، چونکە ماوەی ئۆلۆمپیاتەکە یەك مانگ بوو. هەر لەو ماوەیەشدا لە ٢٥ شار لە سەرتاسەری تورکیا بە شارە کوردییەکانیشەوە کۆنسێرتمان پێشکەش کرد و، لە شارە کوردییەکان من لە نێو جەماوەری کورددا بە زمانی کوردی گۆرانیم گوت، بەڵام لە پێشبڕکێدا بە زمانی تورکی گۆرانیم گوت ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی کوردانی ئەو شارە و زۆریان دەهاتنە لام و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی بەوەی کچە کوردێك لەنێو ئەم هەموو بەشداربووەی کە لە سەرتاسەری جیهان ئامادە بوون بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێت.

هەرچەندە لە هەموو شارە کوردییەکان بە زمانی کوردی گۆرانی وتووە لە کۆنسێرتەکان، سایە داخبارە بەوەی کە نەیتوانی لە فیناڵی ئۆلۆمپیات بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێ، چونکە ئەو کات بەپێی پەیڕەوی ئۆلۆمپیاتەکە لە فیناڵ بەشداربووان بۆیان هەبوو تەنیا بە زمانی تورکی گۆرانی بڵێن ئەمەش تەنیا بۆ ئەو نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو بەشداربووان بوو، هەروەها ئەوانەی لە رۆژی یەکەمی ئۆلۆمپیاتەکە بەردەوام وانەی هونەریان پێشکەش دەکردین و فێری بنەماکانی موزیکیان دەکردین هەموویان مامۆستای موزیکی تورکی بوون، بەڵام لە کۆنسێرتەکان هەمیشە سەرەتا بە زمانی کوردی گۆرانییەکی وتووە ئینجا بە زمانی تورکی گۆرانی دووەمی وتووە و دوای ماندووبوونێکی زۆر سایە توانی لە کۆی ١٣٥ وڵات و ١٥٠٠ بەشدار بوو پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت.

سایە ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای ئەو و دوو بەشداربووەی دیکە پلەکانی یەکەمیان بەدەستهێنا، بەڵام ڕێکخەرانی ئۆلۆمپیاتەکە هاوکارییان نەکردن بۆ بەردەوام بوون و دەڵێ: ئەگەرچی ئێمە پلەکانی یەکەممان بەدەستهێنا و لە هەموو بەرنامە هونەرییەکاندا واباوە یەکەمەکان دواتر کاری هونەرییان بۆ دەکرێ و هاوکاری دەکرێن بەتایبەتی ئەگەر بزانن بەردەوام دەبن لە کاری هونەری، بەڵام ئەمەیان بۆ نەکردین هەرچەندە زۆریش بە پەرۆشەوە بووین بۆ هاوکاری کردنمان، چونکە من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بڕیارمداوە بەردەوام بم لە کاری هونەری و ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ تۆمار کردنی بەرهەمێکی نوێ، ئەوان تەنیا بۆ ساڵی دواتر داوەتیان کردین بۆ ئامادبوون لە ئۆلۆمپیاتەکە وەك میوان و لە چوارچێوەی ئەم میواندارییەش لە شارەکانی تورکیا ٩ کۆنسێرتمان ئەنجامدا.







ئەوەی سایە بەدەستی هێنا دەسکەوتێکی گەورە بوو کە کچێکی کوردی باکووری کوردستان بتوانێت لە تورکیا لەنێو ١٣٥ وڵاتدا پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ناوخۆی کوردستان و بەتایبەتی لە میدیای کوردی بە هیچ شێوەیەك باس نەکرا و کەسیش پێی نەزانی تەنیا کەسە نزیکەکانی نەبێت لە کاتێکدا پێویست بوو گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت و زیاتر بە خەڵك بناسرێت و کار بکرێت بۆ پەرەپێدانی توانا هونەرییەکانی ئەم کچە و هاوکاری زیاتری بکرێت لەلایەن حکومەت و هونەرمەندانیشەوە، سەبارەت بەم دووره پەرێزییە لە میدیاکان سایە دەڵێ: رەنگە ئەمە کەمتەرخەمی ئێمە بێت، چونکە کاتێك ئێمە دەرچووین پێویست بوو خۆمان ئەمە بە میدیاکان رابگەیەنین و ئاگاداریان بکەینەوە کە پێشبڕکێیەکی لەو جۆرە ئەنجام دەدرێت و ئێمەش تێیدا بەشدار دەبین، لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە سەرەڕای ئەم کەمتەرخەمییە من لە دڵەوە حەز دەکەم بەردەوام بم لە کاری هونەری و مامۆستاکان و ماڵەوەش زۆر هانم دەدەن بەتایبەتی برا گەورەکەم کە زۆر حەز دەکات ببم بە هونەرمەند و بەردەوام بم و جگە لە هاندان هاوکاریشم دەکات، ماڵەوەمان هەمیشە پێم دەڵێن کە من خاوەن بەهرەیەکی هونەری زۆرم و پێویستە بەردەوام بۆ ئەوەی بتوانم لە رێگای هونەرەوە خزمەت بە میللەتی خۆم بکەم، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی تورك دۆیتێکم ئەنجامدا دوای گۆرانییەکە زۆر هانیدام و داوای لێکردم بەردەوام و بەرهەمێکی تورکی و عەرەبی پێشکەش بکەم، لە دۆیتەکەش داوای کرد بە زمانی تورکی و عەرەبی بێت، بەڵام ئێمە رازی نەبووین ئەوە بوو لە کۆتاییدا بە کوردی و تورکی گۆرانیمان گوت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو بەردەوام بوو لە هاندانمان بۆ بەردەوام بوون لە گۆرانی وتن. سەبارەت بە چۆنیەتی بەردەوام بوونی لە کاری هونەری کە ئایا وەك حەز و ئارەزوویەك دەمینێتەوە یان تەواوی ژیانی خۆی بۆ تەرخان دەکات، سایە دەڵێ: بێگومان بە حوکمی ئەوەی ئێستا قوتابیم و لەبەر بچووکی تەمەن لە ئێستادا هونەر بۆ من وەك ئارەزوو، بەڵام بەردەوام لە ماڵەوە بیر لە هونەر دەکەمەوە و براکانم پێم دەڵێن تۆ تەنیا بیرت لای هونەرە و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندن و دوارۆژت، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەم ساڵ لەسەر ئاستی قوتابخانەکەمان بە پلەی دووەم دەرچووم ئەمەش مانای وایە کە هونەرەکەم کاریگەری لەسەر خوێندنم نەبووە.

سایە زۆر سەرسامە بە هەردوو هونەرمەند کەمال محەمەد و کچە هونەرمەندی باشوور رۆژین، ئەگەرچی ستایلیان زۆر لێك جیاوازیشە و لەم بارەیەوە دەڵێ: ستایل و گۆرانییەکانی کەمال زۆر هێمن جوان و ناسکە و هەمیشە حەز دەکەم گۆرانییەکانی بڵێمەوە و شتی لێوە فێر بم، هەروەها زۆر سەرسامم بە کچە گۆرانیبێژ رۆژین هەرچەندە ستایلەکانیان زۆر لە یەکتری جیاوازن، بەڵام من لە دڵەوە حەز دەکەم بگەم بە ئاستی رۆژین و راستەوخۆ ئەمەشم پێی گوتووە، چونکە هەست دەکەم رۆژین بەو ستایلەی کە پێی ناسراوە هەوڵ دەدات گۆرانیی کوردی بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت و پێیان بڵێت ئێمەی کوردیش لەرووی هونەرەوە هیچمان لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە، هەر رۆژینیش بوو گۆرانییەکەی بۆمن هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە ئۆلۆمپیات بیلێم.